ئەم تیۆرە زادەی بیرکردنەوە و هزری ئەرەگۆن نی یە ، بەلکو (یۆلیۆس فلهاوزنی) ی رۆژهەلاتناسی ئەلمانی هەولی دا لەسەر تەورات و ئینجیل پیادەی بکات هەر ئەو بە پێ ی هەندێ سەرچاوە بە رابەری ئەم تیۆرە دادەنرێت. هەروەها کۆمەلێك رۆژهەلاتناس بە چەند ساڵێك پێش ئەرەگۆن کتێبیان لەسەر "مێژوو" و مێژوویەتی قورئان نوسییوە، هەر بۆ نمونە:

-ئەدوارد سیل: پەرەسەندنی مێژوویی قورئان.

-گۆستاف فایل: دەروازەیەکی مێژوویی رەخنەیی بۆ قورئان.

-نودکە: مێژووی دەقی قورئانی.

-هەروەها (بوتیە) ی فەرەنسی و رێجس بلاشێری ئەلمانی هەریەکە کتێبێکیان هەیە بەناوی "مێژووی قورئان". لێرەدا بۆمان هەیە بورووژێنین: ئەدی نوێبوونەکەی ئەرەگۆن لە کوێ یە؟؟ ئەو جگە لە رۆژهەلاتنناسێکی نوێ چی دەربارەی هەلوێستی رۆژهەلاتنناسە کۆنەکان زیاد کرد؟

ئەوانە هەموو دەیانەوێ قورئان وەك "دەقێکی" مێژوویی بخوێننەوە و ئەرەگۆن لەوان زیاتر دەیەوێ هەتا خوێندنەوە و تاویل بۆ قورئانی ناو دڵ و دەروون و قورئانی نوسراو بکات هەروەها بانگاشەی ئەوەش دەکات کە دەبێ قورئان وەك هەر

دەقێکی تر بە میتۆدی وەك رەخنەی مێژوویی، رەخنەی تەفکیکی‌و زمانەوانی سیمائیایی شرۆڤە بکرێ. ئەم خوێندنەوەی ئەرەگۆن بۆ قورئان نەك وەك زانیاری لەو کتێبانەی سەرەوە وەرگیراوە، ئەوە وەك "ئایدیۆلۆژیا" ش هەر دووبارە کردنەوەی ئەفسانەکانی مەتریالیزمی مێژووییە! ئەو مەتریالیزمەی ماوەیەك لە رێگای ئەدەبیاتی کۆمەڵەی مارکسی —لینینەوە، خوێنەواری کوردی پێ پەروەردە دەکرا، بەڵام بە هەرەسی شیوعیەت لە سۆڤیەت، ئەو چەمکەش لە زەینی خوێنەری کورد پەرت و بڵاو بوو.

## دووەم: بانگاشەی "ئەفسانەبوونی" دەقی قورئانی

مەسەلەی بە "ئەستورە" خوێندنەوەی قورئان هاوکات لەگەڵ دابەزینی قورئان و دەوڵەتی ئیسلامی لەسەردەمی پێغەمبەردا هەبووە. بە واتای ئەو مەسەلەیە بە قەد مێژووی دابەزینی قورئان کۆنە و لە قورئانیش ئەو رایەی دژەکانی قورئان لە چەند ئایەتێکدا هاتووە. ئەو خوێندنەوەی ئەرەگۆن بۆ کوشتنی پیرۆزی و ئاسمانیی قورئانە! دەربارەی نکۆڵی کردنی سیفەتی پیرۆزی لە قورئان و هەروەها خوێندنەوەی قورئان وەك "گوتارێکی ئوستوری" یان "دەقێکی ئوستوری"، ئەوە هاشم سالحی وەرگێڕی

پرسه نه‌گۆره‌كانی قورئان ده‌كات، كه له‌مه‌یه‌دا كه‌سێكی ئیسلامی‌و سیكیوله‌ر له یه‌ك جیا ناكرێنه‌وه!

چۆن ده‌كرێ هه‌ر زاتی خودا خۆی ژێده‌ری ئه‌و پلورالیزمه‌ی سروش بانگه‌شه‌ی بۆ ده‌كات، بێ ؟ گوتاری ناسینی خودا قورئانه. جا چۆن ده‌بێ تۆ باوه‌ڕت به‌وه‌ی له قورئان هاتووه هی خودا نه‌بێ، بێی خودا له سه‌رچاوه‌ی تر و پێكهاته‌ی مرۆڤ و چۆنیه‌تی دروست بوونی بوونه‌وه‌ر بدۆزیه‌وه ؟!! ئه‌حمه‌د قه‌بانچی وه‌رگێری عه‌ره‌بی زۆربه‌ی نووسینه‌كانی سروش: به ئاشكرا له ته‌له‌فزیۆنی ئێن ئاڕ تی كوردی ده‌یگوت ئه‌وه‌ی له قورئان هاتووه بۆ كێشه‌كانی سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ر بووه، نه وه‌ك ئه‌مڕۆ. هه‌روه‌ها له فه‌یس بووك شتی زۆر ترسناكتر ده‌لێت: "پێغه‌مبه‌ر راستگۆیه، به‌لام مه‌حاله قورئان له خواوه دابه‌زیبێت.- رێگای هزر، ٦ لاپه‌ره ٣٦ ؟" ئه‌و جۆره قسانه ته‌نیا كه‌سانێ ده‌یكه‌ن كه له ده‌ره‌وه‌ی ئیسلامن. سروش هه‌ر خۆیشی باوه‌ری وایه، كه وه‌حی پرۆسه‌یه‌كی كه‌لامی نییه له نێوان خودا و پێغه‌مبه‌ر، به‌لكو باوه‌ری له‌و باره‌یه‌وه وه‌ك هه‌ندێ ڕۆژهه‌لاتناسه به‌وه‌ی وه‌حی پرۆسه‌یه‌كه له نێوان پێغه‌مبه‌رو دالغه‌ی زاتی پێغه‌مبه‌ر-یان خودا له ناو پرۆسه‌كه نییه یان پێغه‌مبه‌ر قسه‌كانی له خودا بیستووه و به خۆی دایرێژتیته‌وه له

بیانووی ڕا جیاوازی نابێ بدرێتە هیچ بیرمەند و ڕۆژنامەنووسێك بەلکو هیچ مرۆڤێك جگە لە پێغەمبەران. لە مەدا مەبەستمە بڵێم دەسەڵاتی ئەنزومەی ئایینی لە ئێران و کراوەیی کۆمەڵگای ڕۆژئاوایی لە سەر ئازادی لە ڕەخنەگرتن لە خودا دەوریان هەبووە لە بیناکردنی بیری سیاسی و ئایینی سروشدا. ئێمە دەزانین کە پێشتر سروش لە ڕێگای بەڵگەی زانستیەوە خەریکی ڕەخنەگرتن لە مارکسیەت بووە ! باوەڕی وا بووە کە مارکسیەت لە سەر مەتریالیزم –مادە پەسندی – و ئیلحاد دامەزراوە.کەچی ئێستا ئەوەی خۆی دەکات، ناو دەنێ چی ؟!ئەمە کرانەوەی واتایە ؟

وەك گوتمان هەردوو کۆمەڵگەی ئێرانی و ڕۆژئاوایی کاریگەریان لە سەر فۆرمەلەبوونی بیری سروشدا بە تایبەتی لە سەر ڕەخنەگرتن لە قورئان و تاوانبارکردنی بەوەی دەقێکی شێواندراوە. دووبارە باسی ئەوە ناکەین، کە بە زانینی خامەنیئی، سروش لە دیدارێکدا وتویەتی: " قورئان داهێنراوی هزری موحەمەدە " ئەوەتە بە ڕاشکاوی لە لاپەرە ٦٩ ی کتێبەکەیدا باسی قسەی هەندێ لە دژەکانی دەکات بەوەی لە ژمارە(١٣٣)ی گۆڤاری کیهان دەڵێ قورئان شێواندراوە" :!

# ئیسلامی تەقلیدی و ئیسلامی لیبرالیی

(د.سروش) لە تێڕوانینەکەیدا ئەگەر ناوی ئیسلامی لیبرالیش لە گەڵ وەرگێڕەکەی –قەبانچی – نە هێنێت، ئەوا ناتوانن نکوولی لەوە بکەن کە هەردووکیان هاومەزهەبن و هەردووك لە ڕەفتار و گوفتاریان دەردەکەوێت کە لە ئەرگۆن و عەلی حەرب..هتد تیۆر بۆ ئیسلامی لیبرالی دەکەن!

بە تێگەیشتنی ئێمە بە هیچ جۆرێ ئیسلام لەت ناکرێ و قەبوڵی چەمکی " تەقلیدی و لیبرالی " ناکات. لە ڕووی مێژوویەوە ئەو کەسانەی ڕاڤەی دەقەکانی قورئانیان کردووە کۆنن، دەکرێ لە گەڵ ڕاڤەی ئەمرۆ بە تەقلیدی ناویان ببەین، بەڵام قورئان هەرگیز کۆن نابێ و هەر بە نوێ و هاوچەرخ دەمێنێتەوە. جا چۆن ڕۆناکبیرانی جیهانی عەرەبی بە تایبەتی سیکیولەرەکان لە ژێر کاریگەری چەندەها تیۆری ڕۆژئاوایی وەك ماتیریالیزم و هۆرمێنتیکاو تائویلی...هتد دەیانویست ڕاڤەی مێژوویی و مادیی و سەردەمیی (سەردەمی پێغەمبەر) بۆ دەقەکانی قورئان بکەن.لە چوارچێوە و نیگایەك ببینن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە جیهانی عەرەبی (کە سیکیولەرەکانیش ئیسلام بە گشتی وەك کەلتورێك

# بانگاشەکانی ڕەخنەگرانی قورئان

بەر لە هەموو شتێك تەفسیری قورئان خودی قورئان نییە! ئەوە تێکۆشانی ئەقڵی مرۆڤە لە نزیکبوونەوە لە واتاکانی قورئاندا. بوونی ظاهر و باطن و محکم و متشابه لە قورئاندا هەندێ کەسی تووشی هەڵە و غەڵەتی کوشندە کردووە لە ڕاڤەکردنی قورئاندا!! ئەو جۆرە مرۆڤانە بە قەست و مەبەست بێ یان بێمەبەست بووبێ، ئەو جۆرە لێکدانانەوە زادەی تێگەیشتنی مرۆڤەکەیە بە پێی ماریفەی سەردەمەکە!! جا چ وەرگێڕانی قورئان بۆ زمانێکیتر یان تەفسیرکردنی قورئان پەیوەندی بە تێکۆشانی مرۆڤەوە وەیە، نەك وەك خودی قورئان پەیوەندی بە زاتی خودا وە بێت!! کەواتە وەرگێڕان و تەفسیری قورئان هەڵە هەڵدەگرێ، چونکە لەوانەیە ڕاستی نەپێکێ هەروەها زیاتر لەمە کاری مرۆڤە!! هەروەکو لە یەکێ لە ئینجیلەکانیش هاتووە: "ئەوەی هەڵە دەکات مرۆڤە، ئەوەی لە هەڵەکەش خۆش دەبێت زاتی خودایە"! وێڕای ئەوەش، هەتا ئافرەتە ئیسلامیەکانیش دەڵێن ئەوە پیاوە (نێرە) زۆربەی تەفسیری قورئانی نووسیوە، هەر ئەوەش وای لە هەندێ ڕاڤەکاری قورئان کردووە، کە تەفسیرەکانیان بۆنی نێری لێبێت!!

لەم بەشەدا وا دەخوازێ لە سیکیولاریزمی تاك بۆ سیکیولاریزمی حیزب قسەی لێوە بکەین. تاك و حیزب دینەمۆی ئازادی تاکن، بۆیە دەکرێ ئەو ڕێزەی زاتی خودا لە مرۆڤی ناوە دوور لە هەموو ئایدۆلۆژیایەك، وەك خودا لە قورئان دەفەرموێ: " بە دڵنیاییەوە ڕێزمان لە بەنی ئادەم ناوە". ئەو ڕێزە لە سیکیولاریزم ئامادەگی هەیە؟ کۆمۆنیستی کە زادەی عەقلی مرۆڤە، ئایا ئەو ئازادیەی شایەنی مرۆڤە، بە ڕەوای مرۆڤی دەبینێت.

لە دوای قۆناغی خەلافەتی ڕاشیدی، سیستەمی فەرمانڕەوایی لە وڵاتی موسڵمانان چەند گۆڕانکارییەکی سیستیماتیکی بەخۆوە بینیووە. هەندێ نووسەر باوەڕیان وایە لەماوەی ساڵی ٦٧٥ هەتا ١٩٢٤ جۆرە عەلمانییەتێك هاتۆتە ناو سیستەمی حوکمڕانی ئیسلامی. لە ساڵی ٦٧٥ موعاویە دەسەڵاتی ئەنجوومەنی شووڕای لە خەلافەت (سڕ) کرد و (تیۆری دەسەڵاتدان بە کوڕ لە دوای باوك)ی داهێنا، ئەو سیستەمە میراتگرییە، سیستەمێکی کۆنی ئەمپراتۆر و میرانی بووە. ئەو پرۆسەیە لە هەندێ ماوەی حکومڕانی ئەمەویدا دربێکی خراپی لە سیستەمی ئیسلامی دا، چونکە دەسەڵاتی (بەرەبابی ئومەیە) دەستیان بەسەر زۆر پێگە سیاسی و پۆستە گرنگەکانی خەلافەت داگرت، هەروەها هەندێ دەسەلاتداری

عەلمانیەتی مارکسی وەك پەتایەك بەر بووە گیانی حیزبی کوردییەوە بەجۆرێ زۆربەی جیابوونەوەکان لەسەر ئەو بنەمایە بووە: جیابوونەوەی پارتی گەل لە پارتی، جیابوونەوەی زەحمەتکێشان لە شۆسیالست و جیابوونەوەی شیوعیە کوردستانییەکان – پارتی کار– لەحیزبی شیوعی عێراق!! ئەو کەلتورە حیزبەکانی ڕۆژهەلات و باکوری کوردستانیشی گرتەوە. لە هەمووشی گرنگتر، زۆرجاران ئەو جیابوونەوانە "مۆدێرنانە"نەبووە بەڵکو "ستالینانە" بووە!! ئەو دیاردەیە هەتا لە سەردەمی حکومەتی هەرێمیش ئامادەیی هەیە: ماوەیەك یەکێتی و پارتی کێشەیان لە سەر ئەوە بووە ئاخۆ کێ ڕاپەرینی کردووە ؟؟ هەموو دەزانین خەڵکی عەوام و ڕۆشنبیر بە ناچاری ڕاپەرینیان کرد: لە باشووری عێراق، کە زۆربەی زۆری شیعە مەزهەبن، ڕاپەرینیان دژی دام و دەزگاکانی بەعس کرد ! زۆربەی کورد فرار بوون، ئەگەر ڕاپەرینیان نە کرد بایە، دەیانزانی ئەنجامەکەی چیە ؟ بەعس، هەڵەبجەی خەڵتانی خوێن کرد بوو ٥٠٠٠ مرۆڤی بێ تاوانی لە شەو و ڕۆژێکدا کوشت بوو! بە واتای دەیانزانی تاوانی فراری چیە ! خەڵکەکەش لە ستەمی دام و دەزگاکانی ڕژێمی بەعس، بە تایبەتی ئەمن، بێزار ببوون ! لە پاشان ئەوەی پێیان دەوترا " جاش یاخود

# زیندووکردنەوەی مارکسیەتی نوێ

ئایدۆلۆژیا لە کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتیدا بارگەواویە بە تێزی سیاسی. ئەگەر ئایدۆلۆژیا هاوتای تێزی سیاسی نەبێت، ئەوە ئایدۆلۆژیا لە منداڵدانی خۆی پێکۆڵ بۆ تەرزی سیاسی دەکات.

ئەم نووسینە بەو عەقڵە داڕێژراوە، کە بێ لایەنانە لە هاوپەیمانی حیزبێکی مۆدرنی پاشخان و ڕابردوو مارکسی توندڕەو لەگەڵ حیزبی ئیسلامیدا. ئەو هاوپەیمانییە بە پێوەری ئیسلامی دروست و ساخلەمە؟ یان بە پێوەری مارکسی دروستە ؟

بۆ ئەو دوو پرسیارە، وەڵامێکی سادە ئامادە دەکەین، بۆ ئەوەی خوێنەری سادە، لەو مەسەلەیە حاڵی بێ.

پێشنیازی ئایدۆلۆلۆژی و قۆناغی ڕزگاری نێشنیتیمانی

لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیدا حیزبی کوردی پێشنیازی جۆراو جۆر دەکات، ئەو گریمانیە تیۆریە مەرج نییە لە ئەمری واقیعیدا هەموو بێنەدی. ئەو پێشنیازانە لەو قۆناغەدا جۆرە شەرعیەتێك پەیدا دەکەن، بەلاّم لە دام و دەزگای دەوڵەتدا، پیادەکردنی ئەو گریمانە تیۆریانە دەوڵەتێکی سەر کتێب، نەك نێو واقیع، دروست دەکەن.

دروست بکەن، بەڵام ئەگەر ئێمە قسە لەسەر جەماوەر بکەین، ئەو جەماوەرە لەو ڕوانگەوە (۲۵) کورسی بۆ گۆڕان مسۆگەر کردووە، کە لە حیزبی کوردی تەقلیدی بەدەرە! ئەگەر ئەو حیزبە جارێکی تر لە نێو یەکێتی بتوێتەوە، ئەوا جەماوەر وەك ئیمام عەلی واتەنی دەنگێکی فریودەرە یان بە قسەی نووسەرێکی ڕۆژئاوایی بوونێکی ساختەیە.

وێڕای ئەوەش، گەندەڵی و مودێرنی کاڵ دەبنەوە، چونکە لە سەر زانیاری میدیایی دامەزراون، بەرهەمی ئەقڵانیەت نین.

سێیەم: گۆڕان چەپی ڕادیکاڵە

لە ڕاپۆرتەکە هاتووە: " لە کوردستان ئۆپۆزسیۆنێك هەیە، تێکەڵەیەکە لە عەلمانی چەپ و ڕادیکاڵ، گۆڕان نوێنەرایەتی دەکات، لەگەڵ ئیسلامی و موحافیزکار و سەلەفی، کۆمەڵ و یەکگرتوو نوێنەرایەتی دەکەن، ئەمەش ئۆپۆزسیۆنێکی ناتەبا و ناکۆکی لێکەوتووەتەوە....لڤین ۱۱."

چوارەم: ڕەوتی ناسیۆنالیستی دژایەتی ڕەوتی ئیسلامی دەکات

لە لاپەڕەی (۱٦)ی گۆڤاری لڤین هاتووە: " یەکێتی و پارتی لە کاتێکدا دژایەتی ڕەوتە ئیسلامییەکان دەکەن لە بواری فکر و

کۆمەڵایەتی و داب و نەریتدا گەشە بە بیر و ئەخلاقیات و خورافاتی ئاینی دەدەن."

ئەو هەمووە پێشنیازی ئایدۆلۆژیە؟ ئایە، ئەوەی لە قورئان هاتووە، خورافاتی ئایینین؟؟

حکومەتکاری پێشنیازی ئایدۆلۆژی

بۆ حیزبی کوردی، ڕزگاری نیشتیمانی لە چیا بووە. ئەو چەمکە مەعنەوییە لە زەینی مرۆڤی کورد ڕەگی دادەکوتێت.ئایدۆلۆژیای چیا، وەك چیا ڕەقە بە کەڵکی بیرکردنەوەی مرۆڤی شار نایەت.حکومەتکاری کورد بە پێچەوانە لە شارە.شاری کورد ئایدۆلۆژیای نەرمی دەوێت.عەلمانیەت لە ڕۆژهەڵات هەڵگری عەسکەرتاریەت بووە، ئەوەش نامۆیە بە بیرکردنەوەی مرۆڤی شار.عەقڵی ناسیۆنالیستی عەرەبی دەرکی بەو ڕاستیە نەدەکرد، هەتا بە بەهاری ئیسلامی و بە زەبری هێز خەریکە لە نێودەچێ.

حکومەت، کە بارگاوی کرا بە ئایدۆلۆژیای چیا، تەمەنی زۆر درێژ نابێت، بۆیە لە یەکگرتنی گۆڕان و یەکێتی وەك دوو حیزبی ئایدۆلۆژیدار، شیمانەی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێت.

ئه‌ندێشه‌ی سیكیوله‌ری كورد ده‌كه‌ی، ئاماده‌یه‌ كرنووش بۆ بوزا به‌رێت، به‌ڵام به‌س له‌ خودا دوور بێت!

رزگاركردنی ڕوداوێك له‌قالبی ئه‌فسانه‌و وهه‌وڵدان به‌"واقیع" كردنی په‌یوه‌سته‌ به‌ئاستی وشیاری ومه‌عریفی رۆناكبیرانی میلله‌ته‌وه. ئه‌م ئه‌وروپایه‌یی ئه‌مرۆ نه‌ك هه‌ر نغرۆی ئه‌فسانه‌بووه، به‌ڵكوئه‌وه‌ی ته‌ناهی بوو، نه‌بوو.ئه‌و هه‌موو ئارێشانه‌ی چه‌ندمها شه‌ڕی وه‌ك شه‌ڕی "ئیتالیا" و"سكوتله‌نده" شه‌ری یه‌كه‌م ودووه‌می جیهانی لێكه‌وته‌وه.وێرای ئه‌مه‌ش تاكی رۆژ ئاوایی و رۆژهه‌لاتی ئه‌وروپای لیّ بۆته‌ قیبله !

دیموكراسیه‌ت ولیبرالییه‌تی ڕۆژئاوای دوابه‌رهه‌می بیركردنه‌وه‌و عه‌قلی مرۆڤی رۆژئاوایین. ئه‌وان كه‌خۆیان له‌ ئه‌فسانه‌وه‌و هه‌ژموونی كه‌نیسا رزگاركرد، توانیان سیستمێك دابمه‌زرێنن وبه‌گوێره‌ی ئه‌و سیستمه‌وه ژیان بگوزه‌رێنن. به‌مه‌ش توانیان هه‌تاخۆیان له‌ئه‌فسانه‌كانی یۆنان وڕۆمانیش رزگاربكه‌ن. ئه‌و دیموكراسیه‌ی ئه‌وی، كه‌ زیاتر زانایان و خه‌ڵكی ساده‌وه‌ پێیه‌وه په‌یوه‌ستن، نه‌ك پیاوانی ده‌وڵه‌ت!! عه‌قلّی مرۆڤی ئازادكرد له‌وه‌ی چی هه‌ڵده‌بژێری! خه‌ڵكێكی زۆر بێئه‌وه‌ی ده‌سه‌لاتی ئیسلامی دیبیّ موسلمان ده‌بیّ! ئه‌وه‌ پێی‌ده‌وترێت به‌واقیع كردنی

بووه! ئه‌و خیانه‌ته‌ی هه‌رپاگ وایکردووه ئه‌و که‌لتوره له‌ ناو ده‌سه‌ڵاتی کورد مێژوویکی هه‌بێ و ده‌وڵه‌تی میدی بڕوخێ، ئه‌خمینیه‌کان به‌ زمانی ئاینی کورد و ئه‌لفبێی کوردی درێژه‌ به‌ ده‌سه‌ڵاتی خۆیان له‌ خاکی کورد بده‌ن!

٣- فارسه‌کان له‌هه‌موو سه‌رده‌مه‌کان هه‌تا له‌سه‌رده‌می ده‌وڵه‌تی کۆماری ئیسلامی ئێرانی نه‌ورۆز بۆته‌ (ده‌رۆژ) ناویان لێناوه‌ سیزده‌ به‌ ده‌ر" ئه‌مه‌ش ته‌نیا ئه‌وه‌ی شیعه‌ مه‌زهه‌بن په‌یره‌وی لێده‌که‌ن، جا فارس بن یان کورد! جائه‌گه‌ر نه‌ورۆز ڕوخانی زوحاکی فارسی بێ، ده‌بێ فارس هێنده‌ گێل وگه‌مژه‌ بن به‌و بۆنه‌یه‌وه‌ ئاهه‌نگ بگێرن؟! هه‌رچه‌نده‌ له‌ ئه‌فسانه‌که‌ی فیرده‌وسیدا زوحاك عه‌ره‌به‌، به‌ڵام نه‌ژادی کورد هه‌ر به‌ پێی ئه‌و ئه‌فسانه‌ له‌و که‌سانه‌یه‌ که‌له‌ مردنی حه‌تمی به‌ ده‌ست زوحاکی نه‌خۆش به‌ دوو مار ڕزگاریان بووه!!

جاله‌به‌رئه‌وه‌ی کورد، فارس، ئه‌فغان، هیند، پاکستانی... یادی نه‌ورۆز ده‌که‌نه‌وه‌، ئه‌مه‌ واتای ئه‌وه‌یه‌ نه‌ورۆز هه‌ر ته‌نیا کوردی نییه‌. هه‌روه‌ك چۆن زه‌رده‌شت ته‌نیا کورد نه‌بووه‌، کاوه‌ش کورد نه‌بووه‌. هه‌ربۆیه‌ هه‌روه‌ك گوتم ئه‌گه‌ر بمانه‌وه‌ێ "بیکوردێنین"- بکه‌ین به‌ کوردی! ده‌سپێکی دامه‌زردانی ده‌وڵه‌تی میدیا به‌

کە خەباتی چەکداری دژی حکومەتی تورکی دەکات-وازی لێ بهێنرێ ؟ چەندژنی،، سیستەمی کۆمەڵایەتی پاکتر دەکات، نەك وەك سیکیولاریزم ئیش دەکات لە سەر خاپووکردنی بنەچەی مرۆڤ، هەندێ ئێستاشی لەگەڵ دابێ، نازانی باوکی کێیە ؟ سیکیولاریزمی کوردی ئەوەی دەوێ، ئێ با بە ئاشکرا بە نەتەوەکەی بڵێ نەك لە ژێر پەردە قسان بکات! لەوەش زیاتر ئایەتی چەندژنی، ئایەتێکی ئیلاهیە، وازی لێناهێنرێ! با ئەوەی لە بەنبەر مرۆڤەکان هەڵنەخەڵتێین، لەوێ مرۆڤ بۆتە رۆبۆت و ئامێر، بە جۆرێك گیانی مرۆڤبوونیان لە دەستداوە ! ئەمە وە نەبێت لە ژێر سایە و سێبەری حوکمی دەسەلاتداران و دکتاتۆرەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست مرۆڤ هەست بە مرۆڤبوونی خۆی بکات!! لەوێ حکومەت لە گەڵ خەڵك هاوبەشە-شەریکە.مرۆڤ لە بەیانیەوە تاکو پێنجی ئێوارە کار دەکات، کەچی حکومەت لە باج -هەر خۆی زەکاتی ئیسلامیە، بەلام لە جیاتی مانگی رەمەزانێ، هەموو مانگێکە-و کارەبا و ئاو و خزمەتەکانی تر... مرۆڤ دەکاتە جسکی هەیاس و لە گەڵ تۆ دەبتە برابەش !!! هەتا ژن و مندالّەکانت دەبێت بە خولیای حکومەت بێت ! من باسی کەلتور و دین و

ئارێشه‌ی بیرۆکه‌ی د. سروش..............................٤٥
سیکیوله‌رێکی فارس و ده‌قی قورئان ............................٤٥
ئارێشه‌ی بیرۆکه‌ی (سروش).................................٤٥
قسه له سه ر یه‌کەم کتێبی عبدلکه‌ریم سروش..................٥١
پلورالیزمی ئایینی ........................................٥١
کتێبی دووه‌می سروش: الصراطات المستقیمة......................٦١
هه‌ندێ نموونه له کتێبه‌که‌ی سروشه‌وه....................... ٦٥
ئیسلامی ته‌قلیدی و ئیسلامی لیبرالیی .......................... ٧٨
بانگاشه‌کانی ڕه‌خنه‌گرانی قورئان ............................ ٨٠
یه‌که‌م. وه‌حی نه‌بوونی ده‌قی قورئان ..........................٨١
دووه‌م. نائاماده‌گی وه‌حی یان کێشه له نێوان وه‌حی و ئیلهام.. ٨٥
سێیه‌م. خه‌ته‌ری قورئان .................................... ٨٨
+سایکس-بیکۆی ناسیۆنالیستی کوردی...........................٩١
چواره‌م، کۆنێتی قورئان .....................................٩٤
به‌شی چواره‌م: سیکیۆلاریزمی کوردی له تاکه‌وه بۆ حیزب.... ٩٩
سێکشنی یه‌که‌م............................................ ٩٩
سێکشنی دووه‌م: سیکیولاریزمی کوردی و حزبی کوردی ....... ١١١

حزبی کوردی و ئەزمونی سیکۆلارزمی ........................ ١١٨
دامەزراندنی حزبی شیوعی عێراقی ........................ ١٢٠
سێکشنی سێیەم: قۆناغبەندی پێشنیازی ئایدۆلۆژی و پێشنیازی
سیاسی........................................ ١٢٩
زیندووکردنەوەی مارکسیەتی نوێ........................ ١٣٠
سێکشنی چوارەم: لە سیکیولەری حیزبەوە بۆ سیکیولەری
رۆشنبیرەوە ........................................ ١٣٧
یەکەم: جیاوازی ئایینەکان........................................ ١٤١
دووەم: مافی مرۆڤ ........................................ ١٤٤
سێیەم: موعجیزە نەبوونی قورئان........................ ١٥٠
چوارەم: قورئان و ئەفسانە........................................ ١٥٣
نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و مێژوو و ئاییندا........................ ١٥٨
مێژووی بێ بەلگەی نەورۆز ........................................ ١٥٨
مێژووی بەلگەداری نەورۆز ........................................ ١٦١
ئایینی کورد و قورئان ........................................ ١٦٩
یەکەم: ژمارە ........................................ ١٧٠
دووەم: ئەندازەی جیناتی مرۆڤ........................................ ١٧٢

